# مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: ئەم دەرفەتە ، لە دەست مەدە

دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین
هەولێر ٢٠٠٤/٣/٨

## پانۆڕامای عاشقی وشەی هەق

– بەشی یەکەم –

(١)

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: ئـەزانم تـۆ دەنگێکـی دیـاری نـاو نووسـەرانی کوردیـت ، بـەڵام کامـە و چ دەنگێك؟!.. هەر نووسینێکت بڵاوئەبێتەوە ، دەمو دەست خوێنەران ئەڵێن: بزانن جنێو بە کـێ ئـەدات ، بوختـان بۆ کێ هەڵئەبەستێت؟. ئەوە سەرمایەی ناوبانگی تۆیە... تۆش خواهەڵناگرێت ، بە هۆی ئەو ململانێـی و جیـاوازی فیکری و ئامانج و جۆری تێکۆشانی ، نێوان کەسایەتی و دەزگـا و لایـەن و حزبـە سیاسـیەکانی کوردسـتانەوە ، سوودت وەرگرتووە و نووسینەکانت بڵاو ئەبێتەوە.

تۆ هەمیشە هەوڵی قووڵکردنەوەی ناکۆکی نێـوان حزبـە نیشـتمانپەروەرەکانتداوە و تـۆوی دووبـەرەکی و دژایەتی یەکتریانت ، چاندووە.

دوای ئەوەی نامەیەکی کراوەم ئاڕاستە کردیت و پێڕاگەیاندنی دادگـای لێکۆڵینـەوەی هـەولێری سـەر بـە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە ، تا ئەمڕۆ ٢٠٠٤/٣/٨ لێشـاوی جنێـوی و خـۆت و قوتابیەکانت (گەر ئەو قوتابیانە و هەندێك لـەناوە خواسـتراوەکان خـۆت نـەبن) بەسـەر مـن و دەرویـش ئاغـا و سەرۆکی زانکۆ و دادوەر ودادگای لێکۆڵینەوەی هەولێردا، باری و لەپاڵ نووسینی چەند برایەك ، وەك بێلایـەن ، تا ڕاستی ئەو بوختان و شەڕەنگێزەیەت بۆ هەمووان ڕوون بکەنەوە.

لەگەڵ شێوازی ناشرینی ئەو وەڵامدانەوانەی خۆت و ئەو قوتابیانەی پەروەردەت کردوون ، من هێشـتا وەك مرۆڤ بە چاوی سووك تەماشاتان ناکەم و با هەڵەشبن ، ڕێز لـە بـیروڕا و بۆچوونـەکانتان ئـەگرم و لـەم ڕووەوە خوێنەر بە دادوەر دائەنێم.

www.kurdistanet.org

## تەنیا بۆ بەرچاو ڕوونی

(٢)

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: لەو نووسینەی ٢٠٠٣/١١/٦ بڵاوتکردەوە و بێ ویژدانانە کۆمەڵێ بوختان و تاوانت بۆ دروسـتکردم ، هیـچ نیگـەران نیـم و سـەغڵەتیش نـەبووم ، چونکـە سـەر چاوەکـەی :(نەفەرێکـە بـە جنێوفرۆش و شەڕەنگێز و بوختانچی و تـاوان هەڵبەسـتن ناسـراوە...) بـەو ڕەفتارانەشـت نـاوی خـۆت لـە نـاو کۆمەڵگای کوردەواریدا ، زڕاندووە.

تۆ بەوەش ناهەقی لە خۆت و میللەتی کورد ئەکەیت ((ئەگەر ئینتمای کوردیت هـەبێت))، لـە کـاتێکدا ، ئـەرکی سەرشـانی دڵسـۆز و خـەمخۆرانی قەزییـەی ڕەوای کـورد ئەوەیـە: ڕیزەکـانی میللـەت و هـێزە نیشتمانپەروەرەکان یەکخەن و یەکدەنگ ڕوو بە ڕووی ئـەو مەترسیانە بوەسـتنەوە ، کـە هەڕەشـە لـە ئـاوات و ئایندەی کورد ئەکەن ، چونکە دوژمنانمان ئەیانەوێت ڕەنجی دەیان ساڵە و خوێنی ڕژاوی پێشمەرگە و قوربانیەکانی کیمیا باران وئەنفالە بەدناوەکان ،بەفیڕۆ بڕوات ، کەچی تۆ تازە بە تـازە ، بـەدوای زاراوەی جنێـو و سـووکایەتی نوێی و گێرەشێوێنیدا ئەگەڕێت!.

# ئەو نامە کراوەیەی رۆژی ٢٠٠٤/٣/٣ی کوردستان نێت

**(٣)**

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: مانگی شوباتی ٢٠٠٤ ، دوای گەڕانەوەم لە وولاتی سوریا ، برایەك ئەو نووسراوە قێزەونەتی بۆ هێنام ، زانیم هی تۆیە ، لێم وەرنەگرت و ووتم: لە سالی ١٩٨٢ ەوە لەسەر عیراقچێتی و جنێودانی بە گۆڕی شەهید فەتاح ، خۆی و نووسینەکانیم فەرامۆش کردووە و بە دوای هیچ قسە و نووسین و هەلوێستێکیدا نەچووم... ئەوبرایە، بە دلێکی پاکەوە ، لەسەر ئەوە سوور بوو ، نووسراوەکە ببینم!..خوێندمەوە: های ئەمجارەیان سنووری ئازادی بیر دەربڕینی بەزاندووە و بەچاو قایمیەوە بوختان و تاوانی خستۆتە پالم و مافی کەسایەتیمی پێشێلکردووە... راستە ئەو، ئازادە، بەلام تا ئەوکات و شوێنە ئازادە ، مافی مرۆڤی دی پێشێلنەکات.

بۆیە بە ماف و ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی ، راستگۆیانە و بەوپەڕی متمانەوە ، نامەیەکی کراوەت بە زمانی گول و شارستانی ئاراستەبکەم.. هەرچی راستییە تێیدا نووسیوومە و داوام لێکردویت ، بۆ ئەوەی ئەم کێشە و گێچەلەی درووستت کردووە لە کورتی ببڕێتەوە و تا خەلکی ناحەز نان و پیازی پێوە نەخۆن و بە هەردوولامان پێنەکەنن.. دان بەوە دابنێ: ئەو بوختان و تاوانەی هەلتبەستووە راست نییە وداوای لێبوردنیش بکەیت.. چونکە تۆ ئازادی و مافی رەوای منت پێشێلکردووە، ویستوتە بە ناڕەوا دوور لە ویژدان ناوم بزڕێنیت.. من هەرگیز ئەم ووتووە و نالێم: گەر ئەو تاوانەی تۆ دروستت کردووە ، فڕی بەسەر راستییەوە هەبوو بێدەنگبە ، نەخێر ئەگەر راستە لەسەر بیروڕا و بۆچوونی خۆت سووربە و پاشگەز مەبەرەوە..دیارە لەو حالەتەدا من بەوپەڕی نا هەقی و زولمی مێژووی ئەزانم ، هەقمە پەنا بۆ زمان و دیاردەی شارستانی بەرم.. روو لە: یاسا و داد و دادگا بکەم.

راستی ناوەرۆکی نامە کراوەکەم ، وایشیواندویت ، لەنگەری بوختان و قسە چەواشەکاریەکانتی تێکداوە ، بۆ هەلخەلتاندنی خوێنەر ، پەل و پۆی نا ئومێدی بە هەرچوار لادا ئەکوتیت ، ئەتەوێت ئەسلی مەسەلەکە لە خوێنەر دوورکەیتەوە و وونکەیت.

ئەو هەولانەت چروکن و لەبەردەم بڕیاری عادیلانەی دادگادا سەرناگرێت ، پەلە قاژێت بێ کەلکە.. پێوستە لەبەر چاوی هەمووان دان بە هەلە و بوختانەکانتا بنێت و وازیش لە شێوازی ئیرهابی فیکری بێنیت ، تەنیا بەوە لە دلەڕاوکێی و بێ ویژدانی و پێشێلکردنی ماف و ئازادی مرۆڤ رزگارت ئەبێ ، ئەگەر نا ، لە روانگەی یاسا و بەردەم عەدالەت بە هەلاتوو ناو زەد ئەکرێت.

چاوەڕوانی بەشی دووەم بکە

************

www.kurdistannet.org